# دەڤەرێن دابری دێ ڤەگەرینین



یەکشەممە 2009/6/28
ژمارە 237



## ئەنچیلۆتی داوای پاتۆ دەکات

یانەی چێلسی دەیەوێ میلان رشت بکات بۆ بردنی دیدێ درۆگبای ئیڤواری، ئەویش لە پێناو گۆڕینەوەی بە ئەلکسندەر پاتۆی هێرشبەری لاوی میلان. ئەم هەنگاوەش لەلایەن خودی کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەرەوەیە کە داوای کردووە ئەو یاریزانە بهێننە ڕیزی یانەی لەندەنییەوە. پاتۆی 19 ساڵ لە وەرزی ڕابردوودا 15 گۆڵی لە خولی کالچیۆدا تۆمارکرد، زەحمەتە بەکەمتر لە 45 ملیۆن یورۆ یانەی میلان جێبهێڵێ، بەڵام چوونی درۆگبا بە 30 ملیۆن بۆ میلان، ڕەنگە لەو نرخەی کەمتر ببێتەوە.

## بەڕێوەبەرەکەی ڕەتی دەکاتەوە... ئایا ئەدیبایۆر دەچێتە میلانی ئیتاڵی؟

ستیڤانۆ کۆریسی بەڕێوەبەری ئیمانویل ئەدیبایۆری ئەستێرەی یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی لە لێدوانێکی بۆ سایتی کالچیۆ میرکاتۆی ئیتاڵی ئەوەی ڕەتکردەوە کە لەگەڵ بەرپرسانی یانەی ئەی سی میلاندا کۆبووبێتەوە، کۆریس ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی کۆریدی ئیتاڵی بەدرۆ خستەوە و گوتی: لەگەڵ هیچ کەسێکی میلاندا کۆبوونەوەم ئەنجام نەداوە و بەڵکو کەسیشیانم نەدیتییە، هەروەها هیچ داوایەکی لەم شێوەیەش ئاراستەم نەکراوە، لە هیچ یانەیەکی دیکەدا داوانەکراوم.

## دواجار ئەرسناڵ ڤان پێرسی ڕازی کرد



به گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی دایلی ستاری ئینگلیزی، ڕۆبن ڤان پێرسی هێرشبەری یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی ڕازی بووە بە تازەکردنەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی لەندەنی. ڤان پێرسی حەزی دەکرد بچێتە یانەی مانچستەر یونایتد بەڵام یانەی ئەرسناڵ لە دژی ئەمەبوو نەیدەویست ئەو یاریزانە لەدەستبدەن، بۆیە دواجار ڕازییان کرد کە بۆ دوو ساڵی دیکە لە یانەی ئەرسناڵ بمێنێتەوە بەرامبەر بە 3.5 ملیۆن پاوەند.

## سێ یانەی ئینگلیزی چاویان بڕیوەتە هاینزە



هەریەک لە یانەکانی چێڵسی و تۆتنهام و لیڤەرپوول ململانێیانە لەسەر گابرێل هاینزەی ئەرژەنتینی کە لە ڕیزی ریال مەدریدی ئیسپانی یاری دەکات. ڕۆژنامەی ئەلۆندۆ دیپۆرتیڤو دووپاتی کردەوە کە هاری ریدنابی ڕاهێنەری یانەی تۆتنهام ڕووبەڕووی بەربەرەکانێتیی هەریەک لە لیڤەرپوول و چێڵسی دەبێتەوە سەبارەت بە هاینزە. لیڤەرپوول هەوڵ دەدات هاینزە بۆ شوێنی سامی هیپیا ببات کە لە کۆتایی وەرزی ڕابردوو یانەکەی جێهێشت. جێی باسە گابریل هاینزە بەرلەوەی بچێتە یانەی ریال مەدرید لە یانەی مانچستەر یونایتد یاریی دەکرد.





## یاساکانی تۆپی پێ

ئا/ سەلیم نوری
ناوبژیوانی پلە یەکی کوردستان و ئێراق

### بەندی 7 ماوەی یاری

ماوەی یاری/ ماوەی یاری دوو گێمی یەکسانە وەک یەک هەر گێمەی 45 خولەکە ئەگەر هەردوو تیپەکە و ناوبژیوان لەسەر کاتی دیکە ڕێکنەکەوتن ئەوا وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

هەر ڕێککەوتنێک بۆ گۆڕانی ماوەی گێمەکان دەربارەی کەمکردنەوەی کاتی گێمی یاری بۆ 40 خولەکە "بۆ نموونە بە هۆی کەمیی ڕووناکی" دەبێ پێش دەستپێکردنی یاری ڕێکبکەون و دەبێ لە ژێر یاسای ئەو خولە یا پاڵەوانێتییە پیادە بکرێت.

**ماوەی پشوودانی نێوگێمەکان**

1- یاریزانان مافی خۆیانە لە نێوان گێمەکان پشوو بدەن.
2- نابێ ماوەی پشوودان لە 15 خولەک زیاتر بێت.
3- دەبێ بەپێی دەقی یاسای ئەو خولە ماوەی پشوودان دیاری بکرێت.
4- دەتواندرێ ماوەی پشوودان تەنها بە ڕەزامەندیی ناوبژیوان بگۆڕدرێت.

**قەرەبووی کاتی بەفیڕۆ چوو:**

کات قەرەبوو دەکرێتەوە کە لەهەر گێمێک لە گێمەکانی یارییەک لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەوە بەفیڕۆ بچێت.
1- گۆڕانی یاریزانەکان.
2- هەڵسەنگاندنی یاریزانە ئازارپێگەیشتووەکان
3- گواستنەوەی یاریزانی پێکراو بۆ دەرەوەی گۆڕەپانی یاریگە بۆ چارەسەرکردنیان.
4- کاتی ونبوو"بەفیڕۆچوو"
5- هەر هۆیەکی دیکە.

دیاریکردنی ماوەی قەرەبووکردنەوەی کاتی بەفیڕۆچوو دەوەستێتە سەر باوەڕی ناوبژیوان و ئەوەی دیاری دەکات.

**لێدانی سزا:**

دەبێت کات درێژبکرێتەوە بۆ لێدانی سزا یان گەڕانەوەی لێدانەکە لە کۆتایی هەردوو گێمی ئاسایی و هەردوو گێمی زیادکراو ڕێگا بە درێژکردنەوەی کات دەدرێ بە مەبەستی جێبەجێکردنی لێدانی سزاکە و کۆتایی دێت.

**یاریی وەستاو:**

لەکاتی وەستانی یاریدا دەبێت ئەو یارییە دووبارە بکرێتەوە ئەگەر پێچەوانەی بنەمای پاڵەوانێتییەکە بوو.

**پرسیار1/** ئایا تیپێک داوای 20 خولەک بکات بۆ ماوەی پشوودانی نێوان هەردوو گێمی یارییەکە مافی هەیە؟
وەڵام/ نەخێر نابێت، چونکە ماوەکە دیاریکراوە.

**پرسیار2/** لە چ کاتێک ناوبژیوان کات زیاد دەکات و لە هەمان کاتدا کاتی یاسایی تەواو بووە؟
**وەڵام/** تەنها لەکاتی لێدانی سزا ناوبژیوان بۆی هەیە کات زیاد بکات.